کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 12:35 20-8-2007

## پیرۆزکردنی عەلمانیەت لە بەرامبەر ئاییندا ... مەلا جەعفەر گوانی



جیاوازی عەلمانیەت لەگەڵ ئاییندا بەتایبەتی ئیسلام، لەوەدایە، کە لە عەلمانیەتدا هیچ شتێك پیرۆز نییە و، هەموو شتێك دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەقڵ و، بە ئەقڵ هەڵدەسەنگێندرێت، هەروەك مرۆڤەکان لە شتە تایبەتییەکانی خۆیان ئازادن، بەوەی چ شتێك بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن، ئەوەی گرنگە لە عەلمانییەتدا تەنها بەڕێوەبردنی سیاسەت و ئابوورییە، هەروەها لە هەمان کاتیشدا بناغەی عەلمانیەتدا دیموکراسیەتە و، هیچ کاتێك دیموکراسییەت بەبێ عەلمانیەت ناهێتەدی، بە پێچەوانەی ئیسلام کە شتگەلێکی پیرۆز هەیە و، عەقڵیش تێیدا ئەوەندە کاریگەر نییە و، دیموکراسیەتیشی تێدا نییە، هەروەك جل و بەرگی تایبەتی بەسەر مرۆڤەکاندا دەسەپێنێت.

ئەوانەی سەرەوە قسەی پێغەمبەران و بانگەوازکارانی عەلمانیەت بوو، تا چەند ساڵێك بەر لە ئێستا، بەڵام ئێستا شتەکان هەموویان پێچەوانە بوونەوە، ڕووداو و پێشهاتەکان سەلماندیان، کە ئەگەر سەردەمێك عەلمانییەت بەم شێوەیە بووە، کە لە سەروە باسمان لێوە کرد، لەبەر ئەوە بووە، خۆی لە لوتکەی دەسەڵات بووە و، ئەم بانگەشەیان بۆ ئەو گەلانە کردووە، کە هێشتا ئازاد نەبوونە، لەو کاتە بووە و، کە عەلمانیەت تەنها لە مەیدانی مەسیحیەتدا بووە، مەسیحییەتیش بە پێی دەق و مێژووەکەی نەیتوانیوە بەرەنگاری ئەو تەوژمەی عەلمانیەت ببێتەوە.

وەلی لە قۆناغی نوێی بەرەنگاربوونەوەی عەلمانیەت لەگەڵ ئیسلام، عەلمانیەت هەموو ئەو مەفهومانەی سەرەوە لە دەست دەدات، چونکە ئەو پاساوانەی عەلمانیەت بۆ بەرەگاربوونەوەی مەسیحیەت هەیبوون، ئێستا لە ئیسلامدا دەست ناکەون، بگرە هەموو ئەو شانازییانەی عەلمانیەت خۆی پێ هەڵدەداتەوە، دەبینین، ئیسلام بە چەندین سەدە بە پێشی کەوتووە، لە پێکەوەژیان و، مافدانی ئایینەکانی دیکە و، بەکارهێنانی ئەقڵی مرۆڤەکان لە بەڕێوەبردنی ژیانیان و، برەودان بە زانست و زانیاری و پێکهێنانی شارستانییەت، بۆیە ئێستا عەلمانیەت بە دیدی چاودێرانەوە لە قۆناغی پیرۆزکردن دایە و، خەڵکانێکی زۆر بە ئاگایی و بی ئاگایی وەکو ئایینێك پێڕەوی لێوە دەکەن.

ئەو قسانەی ئێمە لەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بەڵگەی مەلموسن لە گۆڕەپانی فیکری سیاسیدا لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا، یەکەمین هەنگاویش کە وەکو یاسایەك عەلمانییەتی پێوە پیرۆز دەکەن، وڵاتێکی زەبەلاح و نوێنەری عەلمانیەتی وەك فەرەنسا بوو، کاتێك لە دژی پۆشینی حیجاب، ئەو وڵاتە یاسایەکی دەرکرد بەناوی (یاسای پاراستنی عەلمانیەت) (1) ئیدی نازانم عەلمانیەت لەچی دەپارێزن، مەگەر ئەوەی عەلمانیەتی لی دەپارێزن شتێکی شەخێی و تایبەتی نییە و، بە ئازادی کەسەکە دەیپۆشێت، ئەی عەلمانیەت مانای ئەوە نییە مرۆڤ لە شتە تایبەتییەکانی ئازادە، باشە جیاوازی ئەوە چییە وڵاتێکی وەك فەرەنسا سەر رووتی لەسەر قوتابییەکانی فەرز بکات، لەگەڵ ئەوەی ڕژێمێکی وەك تاڵیبان بۆ نموونە نیقاب لەسەر ئافرەتەکانی فەرز بکات؟، مەگەر هەریەکەو بەپێی بیروبۆچوون و تێگەییشتنی خۆی جۆرە بەرگێکی فەرز نەکردووە؟. لە ئەزموونی تورکیاش پێش هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردنیش کۆمسیۆنی ئەوروپا و، هەروەها حزبە عەلمانی نەتەوەپەرستەکانی ئەو وڵاتەش هۆشدارییان دەدایە حزبی عەدالە بەوەی دەستکاری بنەما عەلمانییەکان نەکات و، پێویستە

[1] –**ڕۆژنامەی شەرق ئەلئەوسەت ژمارە** 10469، **ڕۆژی** 28 **یۆلیۆ**2007، عجائب الدنيا الألف.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پارێزگارییان لی بکرێت، نابێت بەهیچ شێوەیەك دەست بۆ پرەنسیپەکانی عەلمانییەت ببرێت، ئیدی لەوەش سەر سوڕما، چونکە گەلی تورکیا زیاتر لە هەشتا ساڵە مومارەسەی عەلمانییەت دەکات، بۆ دەبێ ئازاد نەبێت بەوەی هەر لەسەر ئەو نیزامە بمێنێتەوە یان نا؟ مەگەر شارەزاییەکی تەواویان نییە لەو بوارە، بۆ دەبێت حکومەتی فەرەنسا بە هۆی دەزگا حکومییەکان و، هێزی دەوڵەت پارێزگاری لە بنەما عەلمانییەکانی خۆیان بکەن، یان تورکیا بیەوێت بە هۆی هێزی سەربازی و بە پاڵەپەستۆی ڕۆژئاوا پارێزگاری لە بنەماکانی عەلمانییەت بکرێت و، ئەگەرچی ئەو دەسەڵاتە هەر لەسەرەتاوە بە زۆر بە سەریاندا سەپێندرا بێت، بەڵام لە هەمان کاتتدا ئەگەر ئێمەی موسڵمان وەکو جەماوەر بڕژێینە سەر شەقامەکان و داوا بکەین بنەما ئایینییەکانمان پارێزراو بن و، ووکایەتی بە پیرۆزییەکانمان نەکرێت، بۆ ئێمە دواکەوتوویی و، ڕەجعیەت بێت، بۆ عەلمانییەت بۆ هەبێت بە عەسکەر و هێز و زەبر و زەنگ پارێزگاری لە خۆی بکات، بەڵام ئیسلام بۆی نەبێت بیر و باوەڕ و عەقیدەی خەڵکی پارێزگاری لی بکات؟، بۆ رای جەماوەر پێچەوانەی یاسا بێت، بەڵام عەسکەرتاری یاسا بێت.

بە کورتی دەمەوێت بڵێم: ئەوەی پێی دەگووترا عەلمانییەت بەو شێوەی بەرامبەر مەسیحیەت وەستایەوە و، خۆی سەپاند لە ئەوروپادا، لە بەرامبەر ئیسلامدا پڕۆژەیەکی شکستخواردووە و، ناتوانێت خۆی بسەپێنێت، بگرە ئەو عەلمانیەتەی بە زەبری هێز لە تورکیا سەپێندرا، ئێستا تەنها ئاماژە هەیە بۆ نەمانی، کە ئەگەر نەشمێنێ یان لاواز بێت، بێگومان لە ڕێگای دەنگدانی جەماوەرێکە، کە ساڵەهای ساڵە لە ژێر ڕکێڤی عەلمانیەت دایە، کەچی هەموو هێزێك هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی رای جەماوەر و سندووقەکانی دەنگدان هێز بەکار دەهێنن.

بە کورتی دەمەوێت بڵێم: ئەو ئەزموونە بەرامبەر ئیسلام و موسڵمانان ئەو سەرکەوتنەی ناهێنێت، کە لە ڕۆژئاوا و جیهانی مەسیحیەت وەدەستی دەهێنێت، لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵێك گروپی توندڕۆ ئیسلام بقۆزنەوە بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی، بۆیە ئێمە پێویستمان بەوەیە حکومەتی ئێمە و پەرلەمانی کوردستان خۆیان نەخەنە ناو ئەو هەڵەیەی پێیان وابێت، کە ئیسلام لە گۆڕەپان دووربخەنەوە و، بیانەوێت هەمان ئەو مامەڵەیە لەگەڵ ئیسلام بکەن، کە ڕۆژئاوا لەگەڵ مەسیحیەت کردی، چونکە بەوادری دۆڕانەکە دیارن، بۆیە وەك نووسەرێك دەیگووت: لە حەفتاکان و هەشتاکاندا، مارکسییەت لە رووخان و داڕمان دابوو، کەچی حزبە کوردییەکان لە شاخەکان کێشە و موناڧەسەیان لەسەر دەکرد، ئێستاش ئەو عەلمانییەتەی ڕۆژئاوایی لە بەرامبەر ئیسلام لە لاوازبوون و کزبوندایە، چونکە ئیسلام ئەگەر بە هەڵە نەخوێندرێتەوە و، وەکو خۆی بخوێندرێتەوە و، بە هەڵە و بەپێی تەفسیراتی کەسانێکی توندڕۆ تەماشای ئیسلام نەکرێت، ئەوا ئایینێکە بەرنامەی ژیانی مرۆڤەکانی تێدایە بە جوانترین و باشترین شێواز، پێویستە پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی کوردستان لە بری بەکارهێنانی عەلمانیەتی ڕۆژئاوایی و پەراوێزخستنی ئیسلام لە ژیانی ڕۆژانە و لە ڕاگەیاندنەکان و، لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا، پێویستە هەوڵبدەن سوودی زیاتر لە ئیسلام وەربگرن، ئەویش لە ڕێگای کەسانی پسپۆڕەوە.

cefergwani@gmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.